# نـــا

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

ژمارە (9) ٣٠ئۆکتۆبەری / ٢٠٠٥

سەرنوسەر: تاهیر حەسەن

هاوکاری سەرنوسەر: خەسرەو سایە


# بۆ خەڵکی کوردستان، بەشداری ریفراندۆمیان نەکرد؟


**عەبدوولا مەحمود**

abdulla.mahmud@gmail.com




١٥/١٠/٢٠٠٥ ڕۆژی دەنگدانی!! خەڵكی عێراق بوو بۆ دەستوری هەمیشەیی، هەرچی ئەحزاب و لایەنی سیاسی بەشدار لە حکومەتەکەی تاڵەبانی– جەعفەریدا هەیە، مەسەلەی دەنگدانی خەڵكی عێراقیان بە هەنگاوێکی گەورە مەزەندە دەکرد، بانگەوازی خەڵكی عێراقیان دەکرد، کەلەو دەنگدانەدا بەشداری بکەن. بەدیاریکراوی تائەو جێگایەی بەکوردستان دەگەڕێتەوە، هەردوو حزبی دەسەلاتدار " یەکێتی وپارتی" هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ تا خەڵكی کوردستان ڕاپێچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن، ئەوەندەی بۆیان کرا لەباسی گرنگی ئەو دەستورە !!بۆ کورد، کردیان. هاوکات ڕێژنەیەك لەوادەو بەڵێنیان خستە بەردەمی خەڵك، کەچی خەڵکێکی کەم نەبێت بەشداری ئەم ڕیفراندۆمەیان نەکرد!.

بۆچی خەڵك بەشداری ئەم هەڵبژاردنەی نەکرد؟ بەر لەهەموو کەس بەشداری نەکردنی خەڵك لەوڕیفراندۆمەدا، هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستانی توشی شۆك کرد، شۆکێك کە هەرگیز لە حساباتی خۆیاندا جێگای بۆنەکرابۆوە، ئەوان بەپێ مەنتیقی خۆیان وایان دانابوو ئەگەر خەڵكی کوردستان ناڕازیش بن لە یەکێتی وپارتی، ئەوا بەخاتری مەوقعیەتی کوردستان، بەخاتری نیشاندانی سەنگی کورد لەبەرامبەر بەعەرەبی سوونەو شیعەی عێراقدا، بەشداری دەنگدان ئەکەن و سەرکەوتنێکی تر بۆیەکێتی وپارتی بەدەست دەهێنن، ئەمە وادەرنەچوو. هۆکارەکانی ئەمە زۆرن، لێرەدا بەپیویستی دەزانم باسی سەرەکیترین ئەو هۆکارە بکەم، کە بۆچی خەڵكی کوردستان بەشداریی ئەو دەنگدانەیان نەکرد؟!.

گاڵتەجاڕیەکان هاواردەکەن، لە ٣–٤ ساڵی ڕابردوودا، فریوکاری وگاڵتەجاڕی، وادەوبەڵێن،

⇐

## خـوێـنـەرانی ئازیـزی بـلاّوکـراوەی

## ( نــــــا )

ئەم ژمارەیەی بەردەست و چاوتان دوایین ژمارەی (نـــا) دەبێت، کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگە لە چوارچێوەی کەمپێنێکی سەراریدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە دژی دەستووری فاشی– ئیسلامی لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق بەڕێوەی برد و بلاّوکراوەی (نـــا) تەنیا گۆشەیەکی بچوکی بوو. دوومانگی ڕابردوو کێشمەکێشی دوو بەرەی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورە بوو، بەرەیەکیان بەرەی سیناریۆی ڕەش بە ئەحزاب و دەستەو تاقم و میلیشیای ئیسلامی سیاسی شیعەو سوونەو ناسیونالیزمی کورد بۆ داسەپاندنی دەستوور لە لایەك و بەرەکەی تریان بەرەی خەڵك و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان و( نـــا) بوو، کە بەناڕەوا کێشراونەتە نێو مەترسیدارتین جەنگی بەرەی تیرۆریستەکانەوە.

بەرەی تیرۆریزم و مافیای قانوونی نێو دەسەلاّتی حکومەتە بەکرێ گیراوەکەی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی هەوڵیاندا بەدوای گێڕانی سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردنداو لە سیناریۆیەکی تری هاوشێوەدا ڕەشنووسی دەستووری ئیسلامی –قەومی بە پەنجە مۆری خەڵك بگەیەنن و شەرعیەت و قانوونیەت بدەن بە مەئسات و مەرگە ساتی ئێستا،بەلاّم بەپێی ئاماری دەستی چەند هەمو و دوای چەندین تەزویر و فڕاندنی سندوقەکان و هەڕەشەی چەك لە خەڵك،سەرەئەنجام دەنگی (نـــا) ی خەڵك هێندە گەورەو فراوان بوو، کە نەکرا بە هیچ شتێك پینە بکرێت. دەنگی(نـــا)، دەنگی بزووتنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی گەورەیە، دەنگی ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانە، دەنگی فریونەخۆرانی سیاسەتی پووچی قەومی ئیسلامیە، دەنگی ناڕەزایەتیە بە دەسەلاّتی میلیشیایی قەومی و دینی، دەنگی خوازیارانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و دوور لە تیرۆرو کوشتوکوشتاری تیرۆریزمی ئیسلامی و قەومیە، دەنگێکە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە پێناوی بەرچاو ڕۆشنی وئاسۆدارکردنی ڕادیکالّ و ئینسانیدا کەمپینی بەڕێخست و لەپەنایدا وەك هەمیشە ڕاوەستا.چارەنووسی کۆمەڵگەی ئێستای عێراق تەنیا لەگرەوی سەرکەوتنی ئەم بەرەیەدایە. ڕووداوەکانی دوو مانگی ڕابردوو و هەڵوێستی خەڵكی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان بەرامبەر بە دەستوور، حەقانیەت و ڕاستی ودروستی سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی بەرامبەر سیناریۆی داڕشتنی دەستوور لە بۆتەی ویژدان و خواستی جەماوەری ئازادیخوازی عێراق و کوردستاندا،سەلماندو نیشانیدا کە ئەم حزبەو ئارەزووە ئینسانیەکانی خەڵك دوو شتی لێك هەڵپێکراون ولەیەکتر جیاناکرێنەوە. دەورەی ئایندەی دەرورەی نەبردی جەماوەری فراوانترو سەراسەری ترە لەدژی خولّقێنەرانی هەلومەرجی ئێستاو کردنەوەی دەرگای ڕزگاربوونی یەکجاری لە وەزعیەتی مەترسیداری ئێستا.

**سەرنووسەر**

دەستووری فاشی - ئیسلامی شکستی خوارد!

تاهیرحەسەن

لاپەرە (٣)




بەلگەنامەی مافە جیهان داگرەکانی ئینسان

لاپەرە (٤)

# چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەخـەتـەری جدی دایە !!


**ناسك ئەحمەد**

nasikahmad2@yahoo.com




هەروەکو چاوەڕوان دەکرا ،سیناریۆی کالّتەجاڕانەی دەستووریشیان گێڕاو بەڕوالّەت بە پەنجەمۆری خەڵکیان گەیاند، ئەو کۆمەڵە کەمە دەسەلاّتدارەی پێیان وایە لەم سیناریۆیەدا سەرکەوتن، بەهەزار ئەگەر و نیگەرانیەوە ،ئاهەنگیان گێڕاو بەنێوچاوانی نیگەرانیەوە شیرین یان بەسەر یەکتریدا دابەشکرد!. لە نێوەندی ئەم ئاهەنگەدا سەرۆکی جامیعەی عەرەبی خۆی گەیاندە نێو ئاهەنگەکە!.دیار بوو نیگەرانیەکانی پێشویان کە بە نامەو دەیان ڕێگەی تر لەسەر کالّبوونی عەرەبی بوونی عێراق لەڕەشنووسی دەستووردا ناردبوویان ،لە جێگای خۆی مابوو!.

نزیکەی دوو مانگ زیاتر بوو کەلایەنگرانی بە بەڵێ دەنگدان بۆ دەستوور خەریکی هێز کۆکردنەوە بوون بۆ عەشیرەت و تایەفەو قەومەکەی خۆیان و هاواریاندەکرد و هانایان دەبرد بۆ خەلکی کە بچنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و بەبەڵێ دەنگبدەن. ڕایانگەیاند کە ڕۆژی ١٥ مانگ ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خودا!، ڕۆژی دیاریکردنی ئایندەیەکی دوورە!،ڕۆژی نەتەوەییە!، ڕۆژی دنیاو ئاخیرەتە!، ڕۆژی هیمەتە!. ڕۆژی جیاکردنەوەی مافەکان و ئەرکەکان و خواستە مێژووییەکانە!. ڕۆژی قایمکردنی ئیمانە!..

هەر کەسێك تەنیا بۆ ساتێك گوێی لەم ڕاگەیاندنانە بووایە هەستی دەکرد، خوا لە ئاسمانەوە تەنیا بۆ یەك جارو بۆ ماوەیەکی کورت دابەزیوەتە سەر زەوی و

⇐

## پاشماوەی ..بۆ خەڵکی کوردستان، بەشداری ریفراندۆمیان نەکرد!...

ئەوسەرەکەی دیار نەبووە. ببینن "ئەمریکا عێراق ڕزگاردەکات و دیموکراسی بۆ عێراق دەهێنێت"، "حکومەتی کاتی و یاسای کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە کۆتایی بەنائەمنیو برسێتیو بێکاری و شەپۆلی کارە تیرۆریستیەکان دەهێنێت" "پەرلەمانی هەڵبژێردراو پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بەڵاکانی سەر کۆمەڵگای عێراق سوك دەکاتو مێژویەکی تازەی خۆشبەختی دەست پێدەکات"،... لەناو هەموو ئەو فریوکاریانەدا ئەحزابی قەومی کورد" یەکێتی وپارتی" هەمیشە لەدڵی ئەم بەڵێنو درۆیە زۆرئاشکرایانەدا، درۆی گەورەتریان وەڕێدەخستو هەمیشە ئەوەیان دەدا بەگوێ ی خەڵکی کوردستاندا کە ئەمە فرسەتێکی مێژووییەو لەهەموو ئەو ڕێکەوتننامەو ئاڵوگۆڕانەدا کورد براوەیە.

خەڵکی کوردستان لەوماوەیەدا نەلەڕێگای خوێندنەوەی کتێبەکانو راپۆرتەکانەوە، بەڵکە لەڕێگای واقعیەتی هەموو ڕۆژەوە ئەم درۆو وادە بۆشانە لە هەمیشە زیاتر بۆ دەرکەوت، نەك بەنەمانی بەعس دیموکراسی نەهات، بەڵکە بەعسیزم لەبەرگی قەومی و ئیسلامیدا خەریکە دەبێتە دێوەزمەیەك کە بەعس و تالیبان، ئەگەر بەسەنگێکەوە بێنە سەر ساحەکە دەبێ لەئەزمونی ئەم دڕندانەی ئێستای عێراق، کادران و ئەندامانیان پەروەردەبکەن. هەراوهوریای یاسای کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە، پێکهێنانی حکومەتی ٩ سەرۆکی!! و هەڵبژادنی پەرلەمان لەناوجەنگی هەموو ڕۆژەو وراگەیاندنی باری نایاسای حکومەتەکەی عەلاوی کۆنە بەعسی، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری خۆماڵی کرنۆش بەر بۆ ئیسلامی سیاسی، بایی تاڵە دەزویەك خێری بۆ خەڵکی عێراق بەگشتی و بۆ خەڵکی کوردستان بەتایبەتی نەك تیا نەبوو،بەڵکە هەموو عێراقی بەکوردستانیشەوە خستە بەردەم هەڕەشەی دێوەزمەیەکی نوێ ی مێژووییەوە، دێوەزمەی تیرۆر ونائەمنی، دێوەزمەی سەندنەوەی ئەومافانەش کە لە مێژویەکی درێژدا داسەپێنرابون و ببون بە سوننەت و فەرهەنگی خەڵك، ئەمانە هۆکاری هەرەسەرەکی بێداربوونەوەی خۆبەخۆیی خەڵکی کوردستان بوو لە بەرامبەر سیناریوی ڕیفراندۆمدا.

وادەو بەڵێنەکانی سەرانی ئەحزابی کورد، هەڵخڕاندنی ئیحساساتی خەڵکی ڕۆڵە کوژراو وئەنفالکراو، وادەو بەڵێن بە نەدارەکان و لاوان و......تاد، هێندە تاقی کرابونەوە و نەبوون بەهیچ. بۆیە خەڵك هەردەبوو لەبەرامبەردا نایەکی گەورە بدات بە سەرجەم سیناریۆکەو ڕیفراندۆمیش وەکو ئەڵقەیەکی ئەم سیناریۆیە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە وادەو بەڵێن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، وادەو بەڵێن بۆ باشکردنی گوزەرانی خەڵكو دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکان" تەنها لەکاتی هەڵبژاردن و دەنگدان بە هدنەی لەسەرەوەی یەکێتی وپارتی" بۆ خەڵکی کوردستان بە جیا لەوەی درۆیەك بوو، ئەگەر لەدرۆشەوە ببوایە بە واقعیەت، دیسان بۆ خەڵکی کوردستان بەمانای دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کودستان نەدەبوو، خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیەیان بۆ چەسپا کە ئەگەر بڕیاربێت تەسەل و خۆشگوزەران بن، لە ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکان بەهرەمەند بن، بەبێ ئایندەیەکی سیاسی ڕۆشن ئەمانە تەنها فریوکاریەکن، ئاخر چۆن دەکرێت، کوردستانێکی ١٥ ساڵەی بەکردەوە جیا، بە عێراقی ئیسلامی و عەرەبی بلکێنرێتەوەو بڵێیت جا لەچوارچێوەی ئەم عێراقەدا وەرن خۆشی و بەختەوەری و ئازادی بەرن، خەڵکی کوردستان بەسیاسەت و کارنامەی لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە سیناریۆکانی عێراقدا، بە پەیام و یاسای کاتیان بۆ قۆناغی گواستنەوە، بە دەستوری قەومی ودینی" کەدوای ڕیفراندۆم"!!یش دەستکاری دەکرێت و قەومی گەرایی و دینیە کاڵەکەی تۆختردەکرێت!!، تادەگات بە ژێر پێنانی حەقی ئیرادەیان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سبەینێی خۆیان، ئاشنابوون. بۆیە "نا" ووتن دەستکەوتێکی گەورە بوو، ئەم دەستکەوتەیان بەدی هێنا.

سیناریۆکان بەردەوامن، بەڵام هیچ کام لەم سیناریۆیانە هی خەڵك نین و بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستانی تیا نابێت، هەر لەئێستاوە سیناریۆی هەڵبژادنێکی تر بۆ پەرلەمانی دوای دەستوری ڕیفراندۆمە شکست خواردوەکەی بەڕێوەیە کە بڕیارە ١٥/١٢/٢٠٠٥ی ئەمساڵ وەڕێبخرێت، خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەبێ لە ئێستاوە وەکو بەرەی" نا" بۆ ئەم گاڵتەجاریەش کە دەیانەوێ لە ڕێگایەوە کۆمەڵێك ملۆزم بە وێنەی نوێنەر بەسەریاندا فەرزبکەن، ئامادەبن.

ئەگەر لە ئێستاوە ئەحزاب ودەستەوتاقمی جۆراوجۆری قەومی و دینی وتایفی کرێگرتەی ئەمریکا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکادا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ سازدانی ئەم سیناریۆیە، ئەوا دەبێت خەڵکیش لەئێستاوە ئامادەی پوچەڵکردنەوەی ئەم پلانە تازەیەش بن، دەبێ بەنەخشەیەکی وردو هاوئاهەنگەوە "نا" بدەن لە سیناریۆکەو سیاسەتی گێرانەوەی کوردستان بۆ باوەشی عروبی و ئیسلامی.

لەو نێوەدا ئەرکی ئەو ڕێکخراوانەیە کە بەدژی گەندەڵی ئیداری و فەسادی و دزیدا لە شارەکانی کوردستان پێکهاتون هاوکات لەگەڵ ڕابەرانی جەماوەری و سیاسی، هەموو ئینسانێکی ڕوناکبیرو پێشکەوتنخواز لەکارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، لەناوەندە خدەمیوگەڕەکەکان، خەڵك لەدەوری تورهەڵدانی سیناریۆی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ڕێك بخەن و لە جێگایدا خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد، بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزبکەنەوە،و ئەمە لەڕێگای بەرپاکردنی خۆپیشاندانی گەورەوشکۆداری جەماوەری یەوە، بکەنە ئەمری واقع و دایبسەپێنە سەر ناوەندو مەرجەعە نێودەوڵەتیەکان، لە خەباتێکی ئاوادا کە زامنی دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان و بەرگرتنیشە بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر چارەنوسی سیاسی کودستان، بەرەی متەمەدینی دنیا لەگەڵیانە، دەبێ بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبین. ٢٨–١٠–٢٠٠٤

## پاشماوەی ... چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەخەتەری ...

لە خەونەکانی خەڵك دەپرسێ، تا جێبەجێیان بکات!!. بەڵام ئێستا ئیتر دوای دڕانی دەهۆڵەکە باس هاتۆتە سەر ئەوە، خۆ دەستوور قورئان نیە تا دەستکاری نەکرێت! دەڵین گوایە ناوەڕاستی مانگی دیسامبەر هەڵبژاردن دەکرێت بۆ حکومەت و پەرلەمانی ئایندە، پەرلەمان دەتوانێت بە ٢ /٣ ی دەنگ دەستوور بگۆڕێت!!. کەوایە ئەم هەموو هاتووهاوارە کە گوێی زۆرینەی خەڵکی پەیدا نەکرد،لەپای چی بوو؟!.خۆ تەنیا یەك بەند لەو دەستوورەش جێبەجێ ناکرێ ،کە وادەی سیناریۆی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی دووەم دێت!!.

بزووتنەوەی کوردایەتی لەنێو ئەم گێژاوەدا بێ دەنگی هەڵبژاردووە ،چونکە نازانێت لەنێو تێکچوونی بالآنسی هێزەدەرگیرەکان و دووبارە ئارایشت دانەوەیان دەکەوێتە چ جێگایەکەوە ،کە ڕەنگە لەم نێوەدا مەترسی تێکچوونی مەلەفی ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتیش بکەوێتە سەرپشت!.

(عمرو موسى) کە بۆ پشتیوانی و بەهێزکردنی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی سوننە هاتووە، پشتیوانی بێ قەیدو شەرتی تاڵەبانی وبارزانی بەدەست هێنا بۆ پڕۆژەی ( ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی) جامیعەی عەرەبی. ئەم پڕۆژەیە بەئەندازەی نوکە دەرزیەك وەزعیەتی ئەمنی عێراق نەك هەر خامۆش ناکاتەوە، بەڵکو هێندەی تر قووڵی دەکاتەوە. چونکە خودی ئەو پڕۆژەیە بۆ بەهێزکردنی سەنگی ئیسلامی سیاسی سوننەو ناسیۆنالیزمی عەرەبە وتەقەلایە بۆ زیادکردنی بەشە دەسەلآتیان ،ئەمەش ڕاستەوخۆ بالآنسی هێزە دەرگیریەکانی ئێستا دەگوڕێ و سەنگەرێکی تری کۆنەپەرستی و فاشی– ئیسلامی چ لەنێو دەسەلآت و چ لە نێو شارەکاندا بۆ سەنگەربەندی کۆنەپەرستی ئێستا زیاد دەکات، ئەمەش هێندەی تر کۆمەڵگە عێراق غەرقی جەنگی تیرۆریستی و ئینسانکوژی ئەم هێزە ڕەشانە دەکات. لەم نێوەدا ناسیونالیزمی کورد، کە بەناڕەواو بەدەر لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان چاوەنووسی خەڵکەکەی بردۆتە نێو گێژاوی ئەم جەنگی تیرۆریستانەوە ،هەتا دێت کێرڤی نمایشی هێزی بەرەو خوار دێت و بەرەو چارەنووسێکی مەترسیدار خەریکە هەنگاو دەنێت!.

یەکێتی و پارتی بە پاوانکردنی مەسەلەی کورد و چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە لەسەر کورسی دەسەلآت دانیشتوون و بەناوی خەڵکەوە قەزاوەگێری بالآکەی سیستانی و حەکیم و بووش دەبن و بەبێ پرسی خەڵك دەیان ڕێکەوتنامەو هاوپەیمانیەتی ئاشکراو نهێنیان لەگەڵ ئیمزا دەکەن!. بۆیە ئەگەر خەڵکی کوردستان رێگە بدەن یەکێتی و پارتی درێژە بەم قومارەی ئێستا بە چارەنووسیانەوە بدەن، ڕووداوەکانی چەند مانگی ئایندە خەڵکی کوردستان لەگەڵ دوژمنێکی زۆر گەورەترو بەهێزتردا بەرەو ڕوو دەکات. هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی و تەنانەت قانوونی نێو دەوڵەتی و ناوچەیی بە زەرەری خەڵکی کوردستان دەگۆڕێ. تەقینەوەکانی سلێمانی و هەولێر دەبنە کاری هەموو ڕۆژە. کوردستان ئێستا بە هەق لە مەترسیدایەو تەنیا خەڵکی یەکرگتوو و ڕێکخراوی کوردستان دەتوانێ لەم مەترسیە نەجاتی بدات،ئەم ئیرادە نواندنە چارەنووس سازە دەتوانێ کۆتایی بە مێژووی ئێستا بهێنێ و مێژوویەکی تر دەست پێ بکات.

# نا

## دژی داسەپاندنی دەستووری فاشیانەی قەومی - ئیسلامی

ئەگەر ووتارت بۆئیمە نووسی، تکایە ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بە:

*- نا.. تەنیا ئەو ووتارانە بڵاو دەکاتەوە کە زۆرتر لە ٤٠٠ ووشە نەبێت. هەر ووتارێك لە جێگایەکی تردا بڵاوکرابێتەوە، بڵاوی ناکاتەوە.

*- هیچ ووتارێك بۆ خاوەنەکەی ناگێڕێتەوە.

*- تکایە تادەتوانی ڕەچاوی سەرو بۆر خاڵبەندی بکە.

*- سەرنووسەر ئازادە لە کورتکردنەوەی ووتارەکان، ئەگەر ناتەوێ دەسکاری بکرێت، تکایە لەگەڵ ووتارەکەدا تێبینی بنووسە.

*- ئەو ووتارانەی دەینووسن با بەفۆنتی ali sahifa boldبێت.

**نــــا بۆ دەستوری قەومی و ئیسلامی.. بەڵی بۆئازادی و سۆ سیالیزم !**



# دەستووری فاشی - ئیسلامی شکستی خوارد!

تاهیرحەسەن
Tahirhassan1@yahoo.com

سەرباری ئەوەی کە ئێمە چەندین جار لەسەر ئەو ڕاستیە تەئکیدمان کردووە، کە کێشەی کۆمەڵگەی عێراق نە هەڵبژاردنەو نە مەسەلەی دەستوور، بەڵکو بەر لەوەی قسە لە هەڵبژاردن و داڕشتنی دەستوور بکرێت،دەبێ دەوڵەت و فۆنکسیۆنەکانی هەناسەدانی کۆمەڵگە لە جێگای خۆیان بن، تا بکرێ قسە لە هەڵبژاردن و داڕشتنی دەستوور مانایەکی بە کردەوەی هەبێت.

کۆمەڵگەی عێراق ئێستا زەوی و ئاسمان و ژیانی خەڵکەکەی لەلایەن هێزێکی ملهوڕی نێو دەوڵەتیەوە داگیرکراوە، جۆرج بووش خۆی دەڵێ ( عێراق مەیدانی سەرەکی جەنگی ئێمەیە لە دژی تیرۆر!!). کەوایە چۆن دەکرێ لە نێو مەیدانێکی جەنگدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ؟!،چۆن دەکرێ لەنێو جەبهەی شەڕی هەموو ڕۆژەدا باس لە داڕشتنی دەستوور بکرێت؟!.کێ دیوویە لە نێو بۆنی باروت وسەیارەی بە مین چێنراو و ئینسان دزین ونائەمنی و زڕەی زنجیری تانك و هاژەی مووشەکی فڕۆکەی جەنگیدا.گوڵی ئازادی وتەنانەت دیموکراسی چەکەرە بکات؟! ئەمە چ گاڵتەجاڕیەکە؟!،ئەمەچ سووکایەتیەکە بە ئینسان و ئینسانیەت ؟!.

بۆیە هەر چیەك لە دەستیان هات کردیان. ملیۆنەها دۆلاریان لەپارووی دەمی خەڵك گلدایەوەو سەرفی سیاسەتی بێ مایەیان کرد!،کەڵکیان لە ئەزموونی چەندین دەهەی درۆهەڵبەستن و فریوکاری ڕابردوویان وەرگرت!. هیچ تۆمەت و سوکایەتیەك نەما نەیخەنە پاڵ دەنگی (نــــــــا) کان!.کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی خۆیان هەمووی بۆ هاندانی خەڵکی بۆ دەنگدان بە بەڵێ بەکار برد!. ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرپیشەکان و قەڵەمە هەرزانەکان ڕۆژی کارو هیمەتیان بوو!. تا کارێك بکەن و بە وەبیر هێنانەوەی تاوانەکانی ڕژێمی هارو دڕندەی بەعس،بەڵکو ڕووی دەسەڵاتی ١٤ساڵەی کوردایەتی سپی بکەن و دووبارە متمانەی خەڵکی بۆ لای خۆیان کێش بکەن!.ئەویش بەوەی کە دەنگی(نــــــا) کان کەم بکەنەوە، یان لانی کەم نەهێڵن خەڵکی گوێی لێ بێت!.لافیتەکانی کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی




عێراقیان پێچایەوە،هەڵوسڕاوان و موبەلیغانیان دەستگیر کردن!.دروست وەك پێنج ساڵ بەر لە ئێستا کە لەسەر هەمان مەسەلە هێرشی چەکدارانەیان کردەسەرمان!.هەڕەشەیان لە خەڵکی کرد!، سندوقەکانی دەنگدانیان لە هەندێك جێگا دزی!، هەزاران وەرەقەیان بە ناوی خەڵکەوە خستە نێو سندوقەکانەوە!. دروست وەك قەزاو قەدەری ئیلاهی کوژانەوەی کارەبا لە کاتی تێپەڕاندنی لەشکری سەربازی وولاتانی دەوروبەر بە نێو شارەکانی کوردستان،ئەم جارەش چەند ساتێك پێش تەواو بوونی وادەی دەنگدان هەمان قەدەری کارەبا کوژانەوە هاتەوە!. ئەمە تازە لەو شوێنانەی کە کارەبا هەبووە!.هاوکێشەیەکی سەخت نیە، تەنیا ئەوەندە بەسە ئینسان تەسەوری ئەوە بکات،ئەگەر چەند مەترێك لەولای سندوقەکانی دەنگدانەوە لوولەی چەك و نان بڕین و دەسەڵاتی میلیشیای ئەحزاب بەسەر سەری خەڵکەوە حکومەت بێت و تەنانەت بەشداری نەکردنی کەسانێك کە بە نەخێر دەنگ دەدەن لە بەشداریکردنیان پێ چاکتر بێت، دەبێ چ کارێك بکەن تا پڕۆژەکەیان دەنگ بهێنێت؟!.

بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە نەیانتوانی بەتاییەتی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەو باوەڕە بگەیەنن، کەئەو ڕەشنووسی دەستوورە لەبەرژەوەندی خەڵکەو پەنجە مۆریان بۆ پەسەند کردنی وەربگرن.ئەگەر لەشارەکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراقیش هەلومەرجی ئەمنی و ژیان وەك کوردستان بووایە،گومانێك لەوەدانیە،کە خەڵکی مۆدێرنی ئەو ناوچانەش هەمان وەڵامی کوردستانیان بە دەستوور دەدایەوە.بەهەر حاڵ (نـــــــا) یەکی ئێجگار گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو ئاگربارانی وەزعیەتی عێراقدا بە دەستوور درایەوە،بۆیە هەتاوەکو ئەم لەحزەیە هێشتا نەتیجەکەیان مەعلوم نەکردووە. هەر بۆیە ڕۆژی دوای دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی نەتیجە سەرەتاییەکانی دەنگدان،بە خێرایی سیناریۆی دادگایی کردنی سەدام حسێن و سەرانی بەعسیان هێنایە پێشەوە تا سەرنجی خەڵکی عێراق و دنیا و میدایاکان لەسەر مەسەلەی شکستی دەستوور بگوێزنەوە!.(عمرو موسی) ش خۆی گەیاندە بەغداد،بۆ بەهێز کردنی بەرەی ناسیونال- ئیسلامی سیاسی سوونە!. تێزی (ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی) تەنانەت ئەو دەستوورەی کە شکستی خوارد دووبارە هەڵدەوەشێنێتەوەو جارێکی تر هاوسەنگی هێزەکان پێناسە دەکاتەوە، کە هەموویان بە زەرەری ناسیونالیزمی کورد تەواو دەبێت و سەرئەنجام باجەکەی خەڵکی کوردستان دەیدەن ئەگەر فریا نەکەون و کارێکی پێچەوانەی ئەم سیناریۆیە نەگرنە بەر.

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان،بەتایبەتی لاوان لە ئاستێکی فراواندا نەچوونە بەر سندوقەکانی دەنگدان،یان بە (نـــا) دەنگیان دا،هەم ڕێکەوت نەبوو، هەم چاوەڕوان کراویش بوو،تەنیا سەرنجێکی کورت لەڕاگەیاندنە نیگەران ئامێزەکانی یەکێتی و پارتی ئەوە دەسەلمێنێ.ئەم (نـــا) یەی خەڵکی کوردستان دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزەو خاڵی وەرچەخانێکی چارەنووس سازی خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانە لە دژی وەزعیەتی ئێستا. خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و هەولێری چەند مانگ لەمەوبەر، خۆپیشاندانی خەڵکی ڕانیەو پشدەر لەدژی فەسادی ئیداری و دزی و ڕاوو ڕووت بۆ دابینکردنی ئاوو کارەبا و بیمەکۆمەڵایەتیەکان، خۆپیشاندانی خەڵکی کەلار بۆ ئاوو کارەباو لە دژی سەختی ژیان و گەندەڵی و دزی دەسەلاتداران، خۆپیشاندانی خەڵکی دهۆك و .... هەموو ئەمانە بەرهەمی ناڕەزایەتی قووڵی خەڵکی کوردستانە لە دەسەڵاتی سەرتاپا دزی و جەردەیی و ڕەشوەخۆری یەکێتی و پارتی و گەواهی چوونە سەری ئاستی هوشیاری خەڵکی کوردستانە،کە لەئاکامانی تەنیا تروسکاییەك لە باشبوونی وەزعیەتی ژیانیانەوە هاتۆتە ئاراوە. خەڵکی ئیتر نایانەوێ موقەدەرات و چارەنووسیان بدەنە دەست کۆمەڵێك سەرەك عەشیرەت کە هەر چونێکیان دەوێت و بە قازانجی گیرفانیان دیاری بکەن. خەڵکی کوردستان ئاوو کارەبایان دەوێ،خانووبەرەو کاری گونجاو یان دەوێ،بیمەی تەندروستی و بەهرەمەند بوون لە زانست و زانیاری سەردەم و ژیانێکی شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمەیان دەوێ. خەڵکی کوردستان مەترسی دەسەلاتی چەقۆکێشانی ئیسلامی کە ئێستا لەپەنای تاڵەبانیدا دانیشتوون،دەزانن و نایانەوێ لەسایەیدا بژین.هەموو ئەمانە فاکتەرەکانی بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان بوو.بەڵام ئەمە هێشتا نیوەی هاوکێشەکەیەو هەرچەندە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئاڵوگۆڕ بەرەو باشتر، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت بە جێگایەك بگات.ناڕەزایەتی فراوان و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەبێ سەراسەری بوونەوە و ڕێکخراوبوون و یەکگرتووکردن لەدەووری ئاسۆی سەربەخۆی ڕادیکاڵ و ئینسانی و بردنی بە ئاقاری جیابوونەوەی کوردستان و هەڵبژاردنی حکومەتێکی جێگا نیازی خەڵك،دەتوانرێ لەبەر یەك بترازێنرێ وخامۆش بکرێتەوە. کۆنگرەی ڕیفراندۆم ئەوچوارچێوە ڕێکخراوەییە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق تێدەکۆشێت، ناڕەزایەتی قووڵی ئێستای خەڵکی کورستان و بەرەی (نـــا) ی تێدا یەکگرتوو و ڕێکخراو بکات.




دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بۆ شکلدانی قانوونی بە سیناریۆی ڕەشی ئێستای ژیانی خەڵکی عێراق،پێ دەچێت ئەم سیناریۆیە هەر بەڕێوە بەرێت،بەڵام کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حکومەتی و داگیرکاری عێراق،بەچەند پەڕە کاغەزێکی دەستوور وەڵام نادرێتەوەو ئەم دۆسیانە وەڵامی سیاسیان دەوێت و هەروا بە گێرانی سیناریۆی هاتوهاواری دەستوورو هەڵبژاردن داناخرێت، هەنگاوی لێرە بە دوا دەبێ خەڵکی کوردستان بە هاتنە مەیدان بۆ خواستی سەربەخۆیی کوردستان وەزعیەتی عێراق و کوردستان بە قازانجی خۆیان بچەرخێنن.

٢٢/١٠/٢٠٠٥

**دەستوریك دەتوانی وەلام دەرەوەی خواستەکانی خەلکی عیراق بیت کە پشتی بەستبیت بەمافی هاولاتی یەکسان ولەسەر بناغەی ئازادی و یەکسانی و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان داریژرابیت.!**

# بەڵگەنامەی مافە جیهان داگرەکانی ئینسان

## پەسەند کراوی کۆنگرەی سیهەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بەشێکن لەمافە جیهانداگرو حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسان. هیچ یاسا، سیاسەت و ڕێوشوێنێکی کۆمەڵگا نابێت ماف وبەندەکانی ئەم بەیاننامەیە پێشێل بکات. نابێت هیچ کەسێك یان بەشێکی کۆمەڵگە لە هیچ یەکێك لە مافەکانی نێو ئەم بەڵگەنامەیە مەحروم یان هەلاٌوارده بکرێت ، دەوڵەت وئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەسەریانە کە وەدیهاتنی ئەم ماف و بەندانەی ئەم بەیاننامەیە زامن بکەن:

•ژیان سەرەتاییترین مافی ئینسانە، دەبێ لەش و گیانی ئینسانەکان لە هەرجۆرە دەستدرێژیەك پارێزراوبێت.

• چەوساندنەوەی ئینسان قەدەغەیە. کاری بەکرێ، کە بناغەی چەوساندنەوەی ئینسانە لە دنیای ئەمڕۆدا، وە هەر جۆرە یەخسیری و کۆیلایەتی و بێگاریەك لە هەر بەرگێکدا بێت و بە هەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە.

• کار چالاکی ئازادانەو داهێنەرانەی ئینسانە، هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کەتوانای داهێنەرانەی فیکری و عەمەلی خۆی پەرە پێبدات وبیخاتە گەڕ.

• هەموو کەسێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوری ئەو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بۆی هەیە لەو نیعمەتە ماددی ومەعنەوییانە بەهرەمەند بێت کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. هەموو ئینسانەکان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بەهرەمەند بوون لەو نیعمەتە ماددی و مەعنەویانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە.

• هەموو ئینسانەکان مافی بەهرەمەند بوون لە کاتی پشوو، ڕابواردن، ئاسایش و ئەمنیەتیان هەیە. هەموو کەسێك مافی هەیە کە لە خانەولانە گونجاو و لەپێویستیەکانی ژیانێکی نۆرماڵی کۆمەڵگای ئەم سەردەمە بە هرەمەند بێت.

• هەموو منداڵێك مافی لەژیانێکی بەختەوەر، ئاسوودەو داهێنەرانەی هەیە. زامنکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری هەر منداڵێك ، بەدەر لە وەزعی خێزانەکەی، لەئەستۆی کۆمەڵگەیە. هەموو منداڵان و تازەلاوان دەبێ لە ستانداردێکی چوونیەکی خۆشگوزەرانی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی، لە بەرزترین ئاستدا، بەهرەمەند بن.

• هەموو کەسێك، بەبێ قەیدو شەرت، ئازادە لەوەی هەر بیروباوەڕێکی هەبێت ، وەئازادە لەوەی کە ئەم بیروباوەڕەی بە شێوەی نووسین، شەفەهی، هونەی، یان هەر شێوەیەکی دیکە، چ بەشێوەی فەردی بێت یان دەستەجەمعی دەرببڕێت.

• ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێك و هەموو لایەنە سیاسی، کلتووری و ئەخلاقی وئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا، هەروەها نارەزایەتی دەربڕین و مانگرتن بەشێوەی فەردی بێت یان بە کۆمەڵ مافی بی قەیدو شەرتی هەموو کەسێکە.

• هەموو کەسێك دەتوانێت هەر حزب ورێکخراوێك پێك بهێنێت وە یان بچێتە ناو ئەم دامەزراوانەوە. هەموو ئینسانێك مافی خۆیەتی کە حورمەت وشەخسیەتی هەبێت.

•هەر جۆرە تۆمەتبارکردن وبێ حورمەتییەك بە ئینسانەکان قەدەغەیە. هەر جۆرە بانگەشە کردنێك بۆ بەسووك تەماشاکردن یان پایەبەرزکردنی دینێك، نەتەوەیەك، قەومێك، نەژادێك و جنسێك قەدەغەیە.

• پشکنینی بیروباوەڕ و سەپاندنی بیروباوەڕ قەدەغەیە . هەموو کەسێك ئازادە لەوەی کە بۆچوون وبیروباوەڕەکای خۆی ڕائەگەیەنێت. هەر جۆرەهاندانێکی خەڵکی و هەڕەشە کردنێك لە دژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی کەسەکان قەدەغەیە.

• بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لەمەسەلەی حوکمڕانیدا مافی هەموو کەسێکە. بەرپرس و دەزگا دەوڵەتیەکان و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان هەر لە سەرەوە تا خوارەوە دەبێ هەڵبژێردراوی دەستی خەڵك بن. خەڵکی مافی هەڵبژاردن و وەلانانی هەموو بەر پرس وپۆستێکی سیاسی وئیداریان هەیە لە وولاٌتدا. هەموو کەسانی گەورە ساڵ لە مافی دەنگدانی گشتی بەهرەمەندن ومافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان بۆ هەر دەزگاو ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی وەیان گرتنە دەستی هەر پۆست وپلەیەك هەڵبژێرن.

• دەوڵەت و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کاروبار یان بەر پرسە جیاجیاکان، خۆبەخۆ هیچ مافێکیان لە بەرامبەر خەڵکیدا، چ وەك تاك یان وەك کۆمەڵ نیە، مەگەر ئەوەی کە خەڵکی ڕاشکاوانە ئەم مافەیان بەوان دابێت.

• دەوڵەت ونیزامی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەبێ بە تەواوی غەیرە دینی و غەیرە قەومی بێت . هەر جۆرە یارمەتیدانێکی دەوڵەت بە بلاٌوبوونەوەی هەر دینێك ، یان بەخشینی هەر جۆرە ناوەڕۆك یان سەرچاوەیەکی دینی، قەومی، یان نەتەوەیی بە یاساکان قەدەغەیە. هەرجۆرە ئاماژەکردنێك بۆ دین ، قەوم یان نەتەوەی تاکەکان لەیاساکاندا وە یان لە بەڵگەنامە ناسنامەیی و ئیداریەکانی پەیوەست بەوانەوە قەدەغەیە.

• دیندار بوون یان بێ دینی، بێ هیچ قەیدو شەرتێك ئازادە. دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن جیایە. هەر جۆرە گووشارێکی فیزیکی و نەفسی بۆ قبووڵکردنی دین قەدەغەیە.

• هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی دین مەسەلەی گەورە ساڵانە. منالاٌن و تازە لاوان دەبێ پارێزراو بن لە هەر جۆرە دەستدرێژیەکی ماددی ومەعنەوی دین و دامەزراوە دینیەکان. ڕاکێشانی کەسانی غەیرە گەورە ساڵ بۆ ناو گروپە دینی و ڕێوڕەسم و شوێنە دینیەکان قەدەغەیە. ووتنەوەی وانە دینیەکان، ئەحکامە دینیەگان وەیان لێکدانەوەی دینی مەسەلەکان لە خوێندنگاو دامەزراوە تەعلیمی یەکاندا، قەدەغەیە.

• دیاریکردنی دینی ڕەسمی ، وە زمانی ڕەسمی ئیجباری ، قەدەغەیە.

• لەش ساغیی، مافی هەموو تاکێکە وهەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە لە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ پاراستنی خۆی لە زیان ونەخۆشیەکان بەهرەمەند بێت وسوود لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا لە بواری تەندروستی وچارەسەردا وەربگرێت.

• بە هرەمەند بوون لە ژینگەیەکی پاك و ئاسوودە مافی هەموو کەسێکە.

• تێکەلاٌوبوون و ژیانی کۆمەلاٌیەتی مافی هەموو ئینسانێکە، هەر جۆرە جیاکاری و مەحرومکردنێکی تاکەکان لە ژینگەی کۆمەلاٌیەتی و دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا قەدەغەیە.

• لێکۆڵینەوەو ئاگاداربوون لە ڕاستیەکان لەبارەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەلاٌیەتییەوە مافی هەموو کەسێکە. سانسۆرکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو زانیاریانەی کە دەخرێتە بەرد ەستی هاوولاٌتیان قەدەغەیە.

• خوێندن مافی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ بردنەسەری ئاستی زانست وشارەزایی خۆی وەیان ئاشنابوون بە دەستکەوتە فیکری وعەمەلیەکانی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆی بەهرەمەند بێت. دەستڕاگەیشتن بە هەموو ئەو ئیمکاناتە تەعلیمیانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە و سوود وەرگرتن لێیان مافی هەموو کەسێکە.

• هەموو سالمەندێك، مافی ژیانێکی بەختەوەر، داهێنەرانەو ئاسوودەی هەیە. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە قۆناغی سالمەندی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی ماددی خۆی، لە باشترین ئیمکانی مەعیشی، تەندروستی و عیلاج بەهرەمەند بێت. زامنکردنی ئەم مافانە بۆ سالمەندان لە ئەستۆی کۆمەڵگەدایە.

• ئازادی بێقەیدو شەرتی نیشتەجێ بوون، ئەفەرکردن و شوێن گۆڕکێ مافی هەموو کەسێکی گەورە ستڵە. هەموو کەسێك بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك مافی ئەوەی هەیە کە بۆ هەر وولاٌتێك سەفەر بکات وەیان لەهەر وولاٌتێك ئیقامە وەربگرێت.

• هەموو کەسێك دەتوانێ بە قبووڵکردنی ئیلتیزاماتە حقوقیەکانی هاوولاٌتی ، ببێتە هاوولاٌتی کۆمەڵگا.

• ژیانی تایبەتی تاکەکان، شوێنی ژیان ،نامەو نووسراوو موکالەماتی تاکەکان پارێزروە لە هەر جۆرە دەخالەتێك لەلایەن هەر دەسەلاٌتێکەوە بێت.

• هەموو کەسێك لە هەڵبژاردنی جلوبەرگیدا بێقەیدو شەرت ئازادە.دانانی هەر جۆرە شەرتوشروتێکی ڕەسمی یان تەلمیحی لەسەر جلوبەرگ پۆشینی خەڵکی لە شوێنە گشتیەکاندا، چ ژن چ پیاو قەدەغەیە.

• هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە بەشداری شەڕ یان هەر کردەوەیەکی سەربازی نەکات کە لەگەڵ مەبدەئو بیروباوەڕی ئەودا ناکۆك بێت.

• بەرقەرار کردنی پەیوەندی ئازاد ودالٌخوازانەی جنسی مافی حاشا هەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە تەمەنی کامڵبوونی جنسی. پەیوەندی جنسی دڵخوازانەی کەسانی گەورە ساڵ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتی خۆیانەو هیچ کەس و هیچ دەسەلاٌتێك مافی لێووردبوونەوەو دەخالەتکردن وەیان ئاشکراکردنی گشتی ئەم مەسەلەیەی نیە.

• پەیوەندی جنسی کەسانی گەورە ساڵ ( سەرووی تەمەنی قانوونی کامڵبوون) ، لەگەڵ کەسانی ژێر تەمەنی قانوونی، ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆیشیان بێت قەدەغەیە.

• قازیەکان و دادگاکان و سیستمی قەزایی لە ڕووی حقوقیەوە سەربەخۆن، هەڵبژاردن و لابردنی قازیەکان و ئەودوای بەر پرسانی قەزایی مافی خەڵکە.

• بەرپاکردنی دادگا تایبەتەکان قەدەغەیە. دەبێ هەموو دادگایی کردنەکان بەشێوەی ئاشکرا بەرپا بگرێن.

• هەموو تاکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. هیچ بەرپرس و کەسێك حەسانەی قانوونی نیە. هەموو کەسێك بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك مافی ئەوەی هەیە کە لە دادگا ئاساییەکاندا داوا لە دژی هەر بەرپرسێکی دەولەتی تۆمار بکات.

• هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە شایەتی لە دژی خۆی نەدات وەیان ئیعتیراف نەکات.

• لەهەموو دادگایی کردنەکاندا فەرز لەسەر بێ تاوانی تاوانبار کراوە. بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی مونسیفانە مای هەموو کەسێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن ، سووکایەتی و کوشاردانانێکی فکری ونەفسی لەسەر کەسانی دەستگیر کراو، تاوانبارکراوان و حوکمدراوان بە تەواوی قەدەغەیەو پەنا بردن بۆ ئەم کارانە بە تاوانی جینائی دەژمێردرێت. بەدەستهێنانی ئیعتیراف لە ڕێگەی هەڕەشەو تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.

• سزای ئیعدام و بەندی هەمیشەیی یان هەر جۆرە سزایەك کە دەستدرێژی تیا بێت بۆ سەر جەستەی تاکەکان لە هەموو هەلومەرجێکدا قەدەغەیە.